هونەرمەند(( کەریم مێرگەیی )) لە دیدارێکی هەڵگۆرد دا

# بە نمایش کردنی تابلۆیەکی کاریکاتێریم هەست دەکەم خەندەی بەرپرسان تەنیا بۆچەند ساتێکە




■ئا : ئیبراهیم گەلەژێری

جیهانی هونەر ئەوەندە جوان و پاکە هەر لایەنێکی بگری مرۆڤ تیادا هەست بە چێژ و ئارامیەکی دەرونی بەهێز دەکات، ڕەنگە هێشتا لەکۆمەڵگەی ئێمە ئەوەمان مابێت هەموومان بە دونیابینی هونەرمەندان بیر بکەینەوە بەڵام ئەوەی مایەی بەختەوەری دۆستانی هونەرمەندانە کۆڵ نەدانی ئەوانە بەرامبەر ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە کەسی هونەرمەند رووبەڕوی بۆتەوە ، دەتوانین لەهەستی ناسکی هونەرمەندەوە ژیان بەجوانی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی هەمیشە ژیان بەجوانی بەرجەستە بکەین بەهەموومان رێز لە بەهرەو توانایان بگرین، فێری ئەوە بین کە هونەر مایەی شانازی خەڵکە هەر هونەرە وا دەکات هەموومان لەساتە خۆشەکاندا پێبکەنێت و لەساتە سوزاویەکاندا بەرەو گریان پەلکێشمان بکات تێرامانی تابلۆیەك وات لێدەکات ژیان لە تابلۆیەکدا شرۆڤە بکەیت ، لەدەلایەقەیەکی تاریکی ئەم شارەدا لە رووی بایەخ دان بەهونەرەوە دەمێکە لەدوای کارەکانی ئەو وێڵ بووم ساڵێك دەبێت ئەو دڵی رەنجاوە لە ودەلاقەیەی کە تەنیا هونەر دۆست و ئەو کەسانەی کە ئەفراندنیان پێ یە روناکیان بەسەر داخراوە بۆیە من ویستم لەدەرگایەکەی روناکەوە لێی بچمە ژورەوە بزانم لەماوەی ئەم ساڵی دڵ شکانی خۆی بۆ دوور کەوتۆتەوە ، کەریم مێرگەیی ئەو هونەرمەندە بەجورئەتەی کە هەمیشە لە تابلۆ کاریکاتێرانەی خۆیدا ئەو لایەنە نیگەتیڤانەی دەسەڵات و کۆمەڵگە لە شێوەیەکی ئەوەندە راشکاوانە دەخاتە بەرچاوی هەموو لایەك کە باکی بەدڵ گرانی هیچ کەسێك نی یە، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات ئەم بێباکیە وای لێکردوە بەردەوام رووەو گۆشەگیری بروات رەنگ بێت ئەو تابلۆ نهێنیانەی کە تا ئێستا لەگەڵ خەیالی خۆی لە دەریای بێدەنگی هونەری شاردا مەلە دەکات هەموو تابلۆکانی لە کەشتیەکی تاقمی دەسەڵات نغرۆ بن و بۆ هەتاهەتایە شەیدایانی هونەرەکەی تابلۆ خەیالیەکانی نەبینن بەڵام دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە ماسیەکانی ئەو دەریایە لەوانەیە بیرکردنەوەیان لە زۆرێك لە خەڵکی شار باشتر بن ، مێرگەیی لەبەرامبەر پرسیاری هەڵگۆردا کاتێ دەبینین هونەرمەندێکی کاریکاتربەوپەری بیرکردنەوەو خۆماندو کردنەوە کە تابلۆیە دەنەخشێنن لەکاتی نمایش کردندا ئەوەندەی بینەری تابلۆکە پێکەنین بەروی دەبینرێ ئەوەندە ناپرسێت چۆن بتواندرێت کار لەسەر گۆرینی ئەو لایەنە بکات کە تۆی هونەرمەند دیاردەکە دەخەیە روو وەك نەخۆشیەك کە هەمیشە ئێمە لە بینەری کاریکاتێر دەیبینین بە زۆری پێکەنینە ؟ مێرگەیی لەوەڵامی پرسیارەکەی ئێمەدا باس لەهەبونی دونیایەکی فراوانی کاریکاتێردەکات ماندو بونوو هیلاکی بەدیار دارشتنی تابلۆیەکی کاریکاتێری وزەیەکی فراوانی پێدەبەخشێت لە پێناو کار کردنی بۆ گۆرانی کۆمەڵگە ، کەریم مێرگەیی ئاماژە بەو لایەنە دەکات کە لەبەشێك پرسیارەکەی ئێمەدا نیگەرانی خۆی بۆ ئەو کەسانە دەردەبڕێت کە لە کاتی بینینی تابلۆیەکدا تەنیا بەپێکەنین بەسەر رەت دەبن ، بەڵام مێرگەیی خۆشحاڵی خۆی لەوە دەبینێتەوە کە هیوایەکی بە هونەرکەی خۆی هەیە چونکە لە کاتێکدا ئەو تابلۆیەك دەنخشێنێت باس لە گەندەڵیەکی کۆمەڵگا دەکات هەست بە ئارامیەکی تەواوی دەرونی خۆی دەکات ، مێرگەیی باس لە وە دەکات کە ئەو بەبۆچونی خۆی ئەو پەیامەی کە دەیەوێت بیگەینێت هەوڵی بەردەوامی بۆدەدات چونکە ئەو نەخۆشیەی کە بەرامبەر زۆرێك لە لایەنەکانی کۆمەڵگە هەیە بەتایبەت لە دەڤەرێکی دووری وەك چۆمان ئەبێت بەدوای چارەسەری دابگەرێت تا کۆتایی بەم نەخۆشیە بهێنێت ،

لە مێرگەیمان پرسی ئەتوانین لەروی هونەری کاریکاتێرەوە دەسەڵات یاخود کۆمەڵگە بهەژێنین ، گەر ئەتوانین بۆ تا ئێستا لەبەرامبەردا هونەرمەندە کاریکاتێرستەکان نەیان توانیوە لەم رووە وە باس گەلێك باس بکەن کە بەشێوەیەکی گشتی کار لە تەواوی وولات بکات کاتێ پێمان وابێت کە پێویستە ئەو لایەنانە باس بکەین کە لەلایەن زۆرێك لە دەسەڵات و کۆمەڵگا بڤەن کاریکاتێرەکانی کوردستان نمونەی لەم جۆرەیان نی یە ؟ کاك کەریم بۆخۆی ئەوە رەت دەکاتەوە کە تاکو ئێستا لەم وولاتە نەتواندراوە ئەو رێچکەیە بشکێنن ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە لەم وولاتە هونەریی کاریکاتری توانایەکی سەربەخۆیی خۆی وەرنەگرتوە زاڵ بونی حزب ئەم لایەنەی قورخ کردوە باشترین بەڵگەش بەبۆچونی کەریم مێرگەیی خولانەوەی هونەری کاریکتێرە کە تا ئێستا نەتوانراوە کارێك بکەن کە لە سەرجەمماڵەکان باس بکرێت ، کەریم ئەوە زۆر بەگرنگ دەزانێت کە هونەرمەندی کاریکاتێر هەوڵ بدات ئەو رێگەیان بشکێنێت کە دەیەوێت ،کاتێ پرسیارەکەمان بە مێرگەیی بڕی ئایا بەرێزت ئەو رێگەیەت بەزاندوە لە سنوری خۆت توانیوتە چ داهێنانێك پێشکەش بە شاری خۆت بکەی کە تا ئێستا ٣ پێشنگای رەخنە ئامێزی کاریکاتێرت کردۆتەوە وە لەلایەکی تر چ لەمپەرێك رێگر بوە کە تۆ نەتوانی داهێنانی خۆت ئازادانە بکەیت ؟ بەبۆچونی مێرگەیی کە بەهۆی رەخنەی توند لە چەندین بەپرسی ناوچەکەو پرۆژەی حکومەت فشارێکی زۆریان بۆهێناوە بەوئاراستەیەی کە مێرگەیی ئەو رێگەیەی بڕیوەو بە ڕاشکاوانە ناوی چەندین بەرپرسی هێناوەتە بەردەم هاووڵاتیان لەبەرامبەریشدا خۆی بەبەختەوەر دەزانێت کە ئەوماوەیەی دەیەوێت کارێك بکات لە جیاتی هاوکاری و دڵخۆشی کردنی وای لێدەکرێت کە بەرەو کاری لاوازی ببن ، ئەو زۆر لە و لەمپەرانە دەترسێت کە هەوڵ دەدات بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش بکات بەڵام کەسانێك هەن رێگەکەی لێ تەسك دەکەنەوە بەهەر بیانویەك بێت مێرگەیی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە زیاتر بایەخ بە تابلۆکانی بدات و رووبکاتە شارەکانی کوردستان بەڵام بەهۆی پیشەی پێشمەرگایەتی کە ماوەیەك لە چۆمان دوور کەوتۆتەوە هەموو خەونەکانی لەبەرچاوو وون بونە لێمان پرسی ماوەیەك بەگەرمی دەبینرای بەڵام وا هەست دەکرێت زۆر بەکەمی ئێستا لە چۆمانیش دەبینرێی پێت وانیە ئێستا بەدووری خۆت زولم لە خەڵکی شار دەکەیت و سود بەوکەسانە دەگەینی کە دژی کاری تۆن ؟ میرگەیی پێوایە سەختی و بێکاری ژیان وای لێکردوە کە بەدوای کارەکەی بێت بەبۆچونی خۆی ئێستا هەوڵی جدی دەدات بەڵام ناش گاتە ئەو کاتەی کە زیاتر لەشار بوو ئێستاش نیازی وایە لە بارەگا سەربازیەکەی پێشانگایەك بکاتەوە بۆ ئەوەی لە کارەکەی دانەبرێت سەبارەت بەشەێکی تری پرسیارەکە ئەو دەڵێت من کوری ئەم شارەم پێویستە خزمەتیشی بکەم گرنگ دەرکەوتنی بەردەوام نی یە بەڵکو گرنگ بیر کردنەوەیە بۆ دوارۆژی شار . لەکۆتایدا مێرگەیی سوپاسی هەڵگۆردی کرد کە لەم کاتەدا بەسەریان کردۆتەوە .. □

---

ڕوانگە

گۆشەیەکە هەرجارەی کەسێك دەینوسێت

## بۆ ناچیتەوە بۆ کەرکوك؟

■م.سەباح کەرکوکی

ئەم پرسیارە بۆتە مەتەڵێك و وەڵامەکەیم بۆ نادۆزرێتەوە، ئایا ئەو کەسەی پرسیاردەکات نیازی چییە؟ وە مەبەستی چییە؟ ئەگەر وابزانێ ئەو پارچە زەویەی لەسەری دەژیم لەدەرەوەی شاری کەرکوك داگیرم کردووە تا بیگەڕێنمەوە بۆ خاوەنەکەی یان مەبەستی ئەوەیە ئەو کارەی من لەو جێگەیە دەیکەم بۆتە هۆی بڕینی ڕسقی ئەو یان بومەتە پەتاو نەخۆشی کوشندە، جا لەترسی ئەوەی نەوەك ئەویش بیگرێتەوە دەیەوێت دوورم خاتەوە لە خۆیی و کەس و کارو ناوچەکەی یان بە نگبەت و شوومم دەزانێ دەیەوێ ناوچەکەی خۆی بپارێزی، لە شومی من یان سکی بە ئاوارەیی و غەریبیم دەسوتێ و دەیەوێ ڕزگارم بکات لەو غەریبەو بگەڕێمەوە کەرکوك، بەڵام ئەوکەسەی ئەو پرسیارە دەکات شەوانە گەڕاوەکانی ناو کەرکوك لە شاشەی تیڤی نابینێت کە ژیان و گوزەرانیان لە ژیانی ئاوارەکانی فەڵەستین دەچێت، کاتی خۆی مام جەلال وتی "کەرکوك قودسی کوردستانە" ئەو لەبەر پیرۆزی قودس کەرکوکیشی وەها پێناسەکرد، بەڵام من بە جۆرێکی تر لەم وتەیە حاڵی بووم و کەرکوك وەك قودس بۆتە جێی چاو تێبڕینی عەرەب و جولەکە، کەرکوك بۆتە جێی چاوتێبڕینی عەرەب و تورك و کورد لەبەر خاتری نەوت، بەڵام بەداخەوە هیچ لایەنێکیش وەك ئەمریکیەکان سودی لێوەرناگرن، کوشتن و دەربەدەری بۆ خەڵکی ڕەش و ڕوتی کوردە لە کەرکوك، تورکمان بە فیتی تورکیا و عەرەبی هاوردەش بە فیتی وڵاتانی دراوسێ نەخشەی ئەمریکا جێ بەجێ دەکەن، کە ئەویش ئاژاوەو دروستکردنی شەڕی تایفیە، کاتی خۆش بارزانی وتی "کەرکوك دڵی کوردستانە" ئەو چ مەبەستێکی هەبوبێ ئەوا بۆ کاتی خۆی، بەڵام بە خوێندنەوەی من بۆ ئەم وتەیە، هەرلایەنە ئابووریەکەی دەگرێتەوە، چونکە ئابووری (دۆلار و دینار و نەوت) دڵی هەموو کەسێکی چاوچنۆك و پولەکی و پارەپەرستە، ئەگەر باوەڕیش بەم قسەیەناکەن فەرموون بچن سەیری واقیعی ژیانی ناو کەرکوك بکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com